زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ژمارە ٧٠ ژمارەی مۆڵەت ١

ناخۆشیەکانی دۆزەخ

ئامادەکردنی
م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی

٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین
ناونیشان: سۆران پێش یاریگا ڕیزی سیدی فرۆشان

پێشەکی

بِسۡمِ اللّٰهِ الرَّحۡمٰنِ الرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين نبينا محمد وعلى آله وصحبه والتابعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

بە پشتیوانی خوای گەورە لەم چەند لا پەڕەیەدا باسی هەندێك لەناخۆشیەكانی دۆزەخ دەكەین بۆ ئەوەی ببێتە مایەی دووركەوتنەوەمان لەگشت ئەم ووتە و كردارانەی دەبنە مایەی چوونە دۆزەخ , خوای گەورە لەئاگری دۆزەخ بمانپارێزێت و بەبەهەشت شادمان بكات .

دەرگاكانی دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِكُلِّ بَابٍ مِنْهُمْ جُزْءٌ مَقْسُومٌ). (**الحجر** : ٤٤).

واتە : دۆزەخ حەوت دەروازەی گەورەی هەیە ، هەر دەروازەیەكیشی چەند دەرگاو چەند بەشێكە كە دەستەی دۆزەخیان بەگوێرەی تاوان و گوناهیان ڕا پێچ دەكرێن بۆ ناوی .

وە فەرمویەتی : (فَادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۖ فَلَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ). (**النحل** : ٢٩) .

واتە : لەدەرگاكانی دۆزەخەوە بڕۆنە ژورەوە تێیدا بمێننەوە بە هەمیشەیی (هەتا هەتایە) جێگەی خۆ بەگەورە زانان چەن خراپە .

ڕاپێچ كردنی ئەهلی دۆزەخ پۆل پۆل بەرەو دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَرًا ۖ حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا بَلَى وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ). (**الزمر** : ٧١) .

واتە : ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ڕا پێچ دەكرێن بۆ دۆزەخ كۆمەڵ كۆمەڵ تا كاتێ دێنە (نزیكی) دۆزەخ دەرگاكانی دەكرێنەوە , وە دەرگاوانەكانی دۆزەخ بەوان دەڵێن ئایا پێغەمبەرانتان لە خۆتان بۆ نەهات كە ئایەتەكانی پەروەردگارتان بەسەردا بخوێننەوە وە بتانترسێنن لە گەشتنتان بەم ڕۆژە دەڵێن: بەڵێ (هاتن ئاگاداریان كردین) بەڵام بڕیاری سزا دراوە بەسەر (ئێمەی) بێ باوەڕان دا .

وه فەرمویەتی : (خُذُوهُ فَغُلُّوهُ (٣٠) ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ (٣١) ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ (٣٠ - ٣٢) .

واتە : ئادەی بیگرن و کۆت و زنجیر لە دەست و قاچ و ملی بئاڵێنن " پاشان بەرەو دۆزەخ ڕا پێچی بکەن و بیبەن و بیخەنە ناوی " پاشان بەزنجیرێکی حەفتا گەزی ببیەسنەوە .

وە فەرمویەتی : (إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ) . (**غافر :** ٧١) .

واتە : کاتێك کۆت و زنجیرەکان دەکرێنە گەردنیان و ڕادەکێشرێن .

وە فەرمویەتی : (يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ) . (القمر :٤٨) .

واتە : ئەو ڕۆژە کەلەسەر ڕوویان بەناو ئاگردا ڕائەکێشرێن پێیان ئەوترێ : دەبچێژن گەرماو سزای دۆزەخ ، لە پاداشتی کارەکانتاندا .

فراوانی و گەورەیی دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ) . (ق :٣٠) .

واتە : ئەو ڕۆژە وەبیربێنە کە بە دۆزەخ ئەڵێین : ئایا پڕبووی؟ لەو هەموو خەڵکەی پۆل پۆل بۆتی ئەنێرین؟ ئەویش ئەڵێ: ئاخۆ زیاتریش هەیە؟

ئیمامی (**ئیبن کەسیر**) **کەدەگاتە تەفسیری ئایەتی:** (يوم نقول لجهنم هل أمتلأت ..) **دەڵێ: لەبەرئەوە کە خوا بەڵێنی داوە دۆزەخ بەمرۆڤ و جنۆکە پڕ بکا، ڕۆژی قیامەت پێی دەڵێت: ئاخۆ پڕ بوویت ؟ هێشتا هەر دەڵێ: ئاخۆ زیاتر هەیە..؟**

جا لەو کاتەدا هەر پڕ نابێ و داوای هی تری لێ دەکات، ئەوجا خوا (**پێی**) **پیرۆزی خۆی دەخاتە نێویەوە، ئەوسا لە هەیبەتی ئەوەدا، دەچێتەوە یەك و دەڵێ:** (قط قط)**. واتە: خوایە! بەسمە، بەسمە، پڕ بووم و جێی کەسم نەماوە. زانایان دەڵێن: ئەو قسەی دۆزەخە ڕاستەو هەقیقەتی هەیەو، خوا دەیهێنێتە گۆو قسە، بۆیە خوا پێی پیرۆزی خۆی تێدەخا، چونکە لەوپەڕی قوڵی و، فراوانیدایە، ئیتر بەو شێوەیە لەملاو لەولاوە دێتەوەیەك وبچووك دەبێتەوە. ئیمامی** (**بوخاریی**)**و ئیمامی** (**مسلم**) **وپێشەوا** (**ئەحمەد**)**یش هەمان ڕاو بۆچوونیان هەیەو، هەریەکەشیان فەرموودەیەکی هێناوە ئاشکرایشە کە** (**قەدەم ، ریجل**) **هەردووك یەك شتە. جا**

کەوایە (قەدەم) سیفەتێکی زاتیی خوایە، بەڵام دیارە ئەو قەدەمە وەك قەدەمی دروست کراوەکانی نییە.

قوڵی دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا) . (النساء :١٤٥) .

واتە : بەڕاستی دووڕووەکان لە چینی هەرە خواری ناو دۆزەخدان و هەرگیز بۆ ئەوان پشتیوانێکت دەست ناکەوێت .

تورەیی و دەنگی دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (إِذَا أُلْقُوا فِيهَا سَمِعُوا لَهَا شَهِيقًا وَهِيَ تَفُورُ (٧) تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ ۖ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ (٨) قَالُوا بَلَىٰ قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ) . (الملك :٧-٩) .

واتە : کاتێك فڕێ دەدرێنە ناوی دەنگێکی ناسازو ناخۆش و لوورەیەك لە دۆزەخەوە دەبیستن، لەکاتێکدا قوڵپ دەدات و دەکوڵێت " دۆزەخ لە داخی خوانەناسان خەریکە پارچە پارچە ببێت و لێك ببێتەوە، هەر جارێك دەستەو تاقمێك فڕێ دەدرێتە ناوی پاسەوانی دۆزەخ لێیان دەپرسێت: باشە، ترسێنەرێکتان بۆ نەهات تا لەم سەرئەنجامە ئاگادارتان بکات؟! لە وەڵامدا بەکەساسیەوە دەڵێن: با، بەڵێ، لەڕاستیدا ترسێنەرمان بۆهات، بەڵام ئێمە بڕوامان پێنەکردن و وتمان: خوا هیچی لەم بارەیەوە نەناردووە، ئێوە تەنها لە گومڕاییی گەورەدا گیرتان خواردووەو هیچی تر!!

باسی بێ دەنگ کردنی ئەهلی دۆزەخ لەکاتی داواکردنی هاتنە دەرەوەیان

خوای گەورە دەفەرموێت : (رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ (١٠٧) قَالَ اخْسَئُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ) . (المؤمنون :١٠٧-١٠٨) .

واتە : پەروەردگارا لە ناو ئاگری دۆزەخ و سزاکەیدا دەرمان بهێنە ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە (بۆ گومڕایی) ئەوە ئیتر دیارە کە ئێمە کەسانێکی ستەمکارین " (خوای گەورە لە وەڵامیاندا) دەفەرموێت: بێ دەنگ بن و دەمتان داخەن ، قسەشم لە گەڵدا مەکەن .

ئەهلی دۆزەخ داوای مردن دەکەن بەڵام هەرگیز نامرن

خوای گەورە فەرمویەتی : (وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ) . (الزخرف :٧٧) .

واتە : دۆزەخیەکان هاوار دەکەن ، ئەی مالك (کە فریشتەی سەرپەرشتیارە): دەبا پەروەردگارت بمانکوژێت، دەبا بمرین و کۆتایی بەم سەغڵەتیەمان بێت، لە وەڵامدا دەڵێت: بەڕاستی ئەوە جێتانە و تیایدا بۆ هەمیشە دەبێت بمێننەوە .

ژیانی دۆزەخ لەوپەری ناخۆشیە نەمردنی تێدایە نەژیانێکی ئاسودەییشی تێدایە

خوای گەورە فەرمویەتی : (إِنَّهُ مَنْ يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ) . (طه :٧٤) .

واتە : ئێمە دڵنیاین لەوەی، کە ئەوەی بە تاوان و گوناهەوە بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، بێگومان ئەوە دۆزەخ بۆی ئامادەیە کە نەدەمرێت تیایدا (تا لە سزا ڕزگاری ببێت) نە دەژی (بە ئارامی و ئاسوودەیی) .

ئەهلی دۆزەخ داوا لە ئەهلی بەهەشت دەکەن لە ئاو و خواردنی بەهەشتیان پێ بدەن


خوای گەورە فەرمویەتی : (وَنَادَىٰ أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ ۚ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ) . (الأعراف :٥٠) .

واتە : دۆزەخیەکان بانگ و هاوار لە بەهەشتیەکان دەکەن (دەڵێن) هەندێ ئاومان پێ ببەخشن یان هەندێ لەو ڕۆزیەی کە خوا پێ ی بەخشیوون (لە وەڵامیاندا) دەڵێن : خوا هەردووکی لەسەر بێ بڕوایان حەرام کردووە.

ئەهلی دۆزەخ هەوڵی ڕزگاربوون دەدەن بەلام ڕزگاربوونیان بۆ نیە

خوای گەورە فەرمویەتی : (كُلَّمَا أَرَادُوا أَنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ) . (الحج :٢٢) .

واتە : هەر کە هەوڵ بدەن و بیانەوێت خۆیان ڕزگار بکەن و لەو سزایە هەڵبێن دەگێڕدرێنەوە ناوی و پێیان دەوترێت : بچێژن سزای سووتان و ئاگر .



باسی خواردن و خواردنەوەی ئەهلی دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ (٤٣) طَعَامُ الْأَثِيمِ) . (الدخان :٣٤- ٤٤) .

واتە : بێگومان داری ژەقنەمووت - کە دارێکی بەروبووم تاڵە - خۆراکی تاوانکارە ، واتە : مرۆڤی کافرە .

وە فەرمویەتی:(لَيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِنْ ضَرِيعٍ (٦)لَا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِنْ جُوعٍ). (الغاشية :٦- ٧).

واتە : هیچ خۆراکیشیان نیە تەنها لە دڕکێکی ووشك و تفت و تاڵە (جۆرە ڕووەکێکی بیابانیە بەتەڕی تەنها وشتر دەیخوات ، بە وشکی وشتریش نایخوات) نە ئەوەیە گۆشتی پێبگرن و پێی قەڵەو بن ، نە ئەوەشە پێی تێربن .

وە فەرمویەتی : (وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا) . (المزمل :١٣) .

واتە : هەروەها بۆیان هەیە خۆراکێك کە لە گەروو دەگیرێت ، سەرەڕای سزای بە ئێش و ئازار .

وە فەرمویەتی : (وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ) . (الحاقة :٣٦) .

واتە : خواردن و خواردنەوەشی هەر کیم و زوخاوی داچۆڕاوی لاشەی دۆزەخییەکانە .

وە فەرمویەتی : (هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ) . (ص :٥٧) .

واتە : ئەمە ئاوێکی کوڵبەکوڵ و کێمێکە لە جەستەی دۆزەخیەکان دەچۆڕێ ، جا بیچێژن .

خوای گەورە فەرمویەتی : (وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ شَرَابٌ مِنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ) . (**یونس :** ٤) .

واتە : ئەوانەش کەبێ باوەڕ بوون خواردنەوەی لەکوڵ و سزای بەئێش و ئازاریان بۆ ئامادەیە بەهۆی ئەوەی کەباوەڕیان پێ نەئەکرد .

وەفەرمویەتی : (كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ) . (محمد :١٥) .

واتە : بێ باوەران لەناو ئاگری دۆزەخدا نەمرن و ئاوی لەکوڵ دەکرێت بەگەروویاندا ، کەریخۆڵەکانیان پارچە پارچەو تۆی تۆی دەکات ؟!

وە فەرمویەتی : (لَا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا (٢٤) إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا). (النبا :٢٤-٢٥).

واتە : لەناویدا ناچێژن فێنکاییەك، یا خواردنەوەیەکی بەتام " جگە لە ئاوی لە کوڵ و کێم و زووخاو .

وە فەرمویەتی : (مِنْ وَرَائِهِ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ مِنْ مَاءٍ صَدِيدٍ) . (ابراهيم :١٦) .

واتە : (هەریەك لەوانە) لە داهاتوودا دۆزەخ چاوەڕێیەتی و تیایدا كێم و زووخاوی دەرخوارد دەدرێت .

پۆشاكی ئەهلی دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ) .(الحج :١٩) .

واتە : ئەوانەی كافرو بێبڕوابوون ، جل و بەرگ و پۆشاكی ئاگریان بۆبڕاوە ، بەئەندازەی قەدو باڵای خۆیان وە ئاوی كوڵ بەكوڵێشیان لەسەرەوە بەسەرا دەكرێ .

وە فەرمویەتی : (سَرَابِيلُهُمْ مِنْ قَطِرَانٍ وَتَغْشَىٰ وُجُوهَهُمُ النَّارُ) . (ابراهيم :٥٠) .

واتە : كراسەكانیان لە قەترانە (كە ماددەیەكی ڕەشی بۆن ناخۆشە و بەخێرایش دەسووتێت) و بڵێسەی ئاگریش ڕووخساریانی دا پۆشیوە .

توانەوەو دروست بوونەوەی پێستی دۆزەخیان

خوای گەورە فەرمویەتی : (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ) . (النساء :٥٦) .

واتە : بێگومان ئەو كەسانەی بەئایەت و نیشانەكانی ئێمە بێ باوەڕن لەدوارۆژدا دەیانبەینە ناو ئاگرێكی بڵێسەدارو گەرمەوە ئەیانبرژێنێ هەرجارەی كە پێستی جەستەیان دا پلۆخاو سووتا , چەند پێستێكی تریان بۆئەگۆڕین لەجێی ئەودا تا پتر ئەوسزایە بچێژن .

چۆنیەتی ئاگری دۆزەخ

خوای گەورە فەرمویەتی : (إِنَّهَا تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ) . (المرسلات :٣٢) .


واتە : بەڕاستی ئاگری دۆزەخ بڵێسەی وا گەورە فڕێ دەدات وەكو كۆشك و تەلاری گەورە وایە .

وە فەرمویەتی : (سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ) . (المسد :٣) .

واتە : ئەبولەهەب لە ئایندەدا دەخرێتە ناو ئاگرێكی بڵێسەدارەوە .

وە فەرمویەتی : (نَارٌ حَامِيَةٌ) . (القارعة :١١) .

واتە : ئاگرێكی زۆر سوتێنەرو بڵێسەدارە (هەرگیز خامۆش نابێت و تینی كەم ناكات) .



وه فەرمویەتی : (نَزَّاعَةً لِلشَّوَىٰ) . (المعارج :١٦) .

واتە : ئاگری دۆزەخ داماڵێنەری پێستی سەرو هەموو ئەندامەکانە .

وە فەرمویەتی : (كَلَّا ۖ لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ (٤) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ (٥) نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ (٦) الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ (٧) إِنَّهَا عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ (٨) فِي عَمَدٍ مُمَدَّدَةٍ (الهمزة :٤ - ٩) .

واتە : نەخێر سوێند بەخوا بە سووکی و ڕیسوایی فڕێ دەدرێتە ناو (حطمة) **وە " جا تۆ چووزانی** (حطمة) **چیە؟ بریتی یە لە ئاگری داگیرساوو بلێسەداری خوا " ئەو ئاگرەی ڕوو دەکاتە ناو جەرگەی دڵ و دەروونەکان (کە مەڵبەندی کوفرو خوانەناسی و ڕەزیلی یە) بێگومان ئەو ئاگرو دۆزەخە لە شوێنێکدایە کە سەرگیراوو دەرگا داخراوە لەسەریان (ڕێگەی قوتار بوونی نیە) , (خوا نەناسان لەوێ) لەناو چەند ستوونێکی ئاگرینی درێژدان (هیچ جم و جوڵێکیان بۆ ناکرێت) .**

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : «نَارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ» (مُتَّفق عَلَيْهِ) .

واتە : ئاگری ئێوە لەدونیادا (گەرمیەکەی) بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ .

واتە : ئاگری دۆزەخ حەفتا جار گەرمترە لەئاگری دونیا .

وَصلَّى اللهُ عَلى نَبِينا محمدٍ و آلهِ وصَحبِه وسلّم

اللَّهُمَّ إِنَّانَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ وَنَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ

١٧ ربيع الثاني ١٤٣٧ هـ – ٢٧ / ١ / ٢٠١٦ م

سۆران